سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عەرەب سەکۆیەك بۆ ئاشکراکردنی زانیاری هەڵەی میدیاکان لەغەززە دروست دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەیاریدا سەکۆیەك بۆ ئاشکراکردنی زانیاری هەڵەی میدیاکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکانی غەززەدا دروست بکات. بەیاننامەیەکی یەکێتییەکەدا هاتووە: دەستپێکردنی کۆنفرانسی بەپێڵەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لە قاهیرە بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستدرێژیی زایۆنیستەکان بە سەر غەززە. ئاماژەی بەوەشکرد : سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەیاریدا سەکۆیەکی میدیایی دروستبکات بۆ ئاشکراکردن و ڕَیسواکردنی ئەو زانیارییە هەڵانەی میدیایی کە لەلایەن میدیای ڕژئاوا و میدیای داگیرکەرەوە پراکتیزەی دەکرێت. لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە : یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بە توندی ئیدانەی بە ئامانجکردنی سیستماتیکی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی دەکات لە ڕێگەی تیرۆر و وێرانکردنی ماڵ و بارەگاکانی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە غەززە.